
کەشناسی: پێشبینی دەکرێت لە ناوەڕاستی هەفتەی داهاتووەوە لە سەرتاسەری وڵات ئێگەری بارانبارینی پەرشوبڵاوی هەیە



کەشناسی عێراق رایگەیاند، پێشبینی دەکرێت لە ناوەڕاستی هەفتەی داهاتووەوە لە سەرتاسەری وڵات ئێگەری بارانبارینی پەرشوبڵاوی هەیە و هەندێکجار هەورەبروسکەشی لێگەڵدا دەبێت.

ئەمڕۆ هەینی ١٨ـی نیسانی ٢٠٢٥، کەشناسی عێراق ئاماژەی بۆشکرد، کە سبەینێ لەهەندێک ناوچەی ئاسمان ساماڵ و لە هەندێک ناوچەش وەکو دهۆک ئێگەری بارانبارینەکی کەم هەیە.

هاوکات، بە شێوەیەکی گشتی پلەکانی گەرماش لە هەفتەی داهاتووەوە کەمێک بەرز دەبنەوە لە ڕۆژانی داهاتوودا و زۆرترین پلەکانی گەرما بە سبەینێ بەمشێوەیە دەبێت: سلێمانی ٢٤ پلە، دهۆک ٢٥ پلە، هەولێر ٢٨ پلە، کەرکوک ٢٩ پلە، بەغدا ٣١ پلە.